# ئەسرینێک بۆ مەرزیەی فەریقی. . . . . . . تاریق فەقێ عەبدوڵا

هەر لەسنەی شاڵ کرمانیەوە تاکو شاخەکانی هەورامان، گوڵاوی بەستە ومسك ورێحانەی گۆرانی بەرووما‌نا پرژان، شەوانە میوانێکی خۆش خوان وساتەدژوارەکانیش ئەو گۆرانی بۆ شەش پەپوولەکەی گۆشەی باخی لانەی کۆڵیتەی رووخاوەکانی یەکە بەیەکەی هەژارانی وێرانەخاك ئەچڕی، ئەوی تەنیا ئەستێرەی درەوشاوەی شەوانی تاریکستان ونەهامەتی گەلی ستەم دیدەی کورد، ئەوی کیژە حەیرانی سنە وعاشقە شەیداکەی زرێبار، ئاخ وداخەکەی هەر بۆ کوردستانەکەی بوو، گەلێ ئەسرینی بۆ هاوسەنگەرە شەهیدبووەکانی هەڵرشت، لەهەڵمەتی بەرەنگاریشا سلاوی گەرمی دڵی پڕ ئومێدی مەستی پێشکەش بەهەڤاڵانی پێشمەرگە دەکرد، خاتوونی بەرز ولوتکە بالا مەرزیەی فەریقی، چەندین نوقلانەی قارەمانێتی بەسەر پێشمەرگە وگوڵ وبەفر وچیادا دەبەخشیەوە، هێندەی سیروان ئەشکی سووری بۆ سەدان خەزاڵ وخاتوو زین وشیرینە کۆست کەوتوو وسیاپۆشەکانی کوردستان ڕژاند، بەدەنگەپڕ بەجۆشەکەی گیانی هەڵۆبەرزەفڕەکانی بەختەوەر کرد، ئەوی هونەرمەند تادوێنێ بوو جەژنانەی نەورۆزی بەسەردا بارانین وئەوەندەش نیە کە بە یاوەری هاوسەر وفەرهادە وێڵەکەی عاشق بەکوردستان، هونەرمەندی ناسراو ناسراوی ڕەزازی، مژدانەی سەرکەوتن وشەکانەوەی ئالای کوردستانیان بەگوێی بابەگوڕگوڕا دا، ڕەنگە ئێستاش زایەڵەی نەعرەتەی نوێترین سروودیان بێت وا نێڵەی گڕو بڵێسەی بابەگوڕگوڕی بردۆتە کەشکەلانی فەلەك:

بەڵێ بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم. . . بەڵێ بەڵێ بۆ ڕاپرسی
بەڵێ بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم. . . بەڵێ بەڵێ بۆ ڕاپرسی
بەڵێ بەڵێ بۆ ئازادی. . . . بۆ سەربەخۆیی، بۆ ڕزگاری
دەسا کوردینە. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . هەموو یەك گرن
هەموو بەیەك دەنگ، دەنگتان هەڵبڕن
بژی گەلی کورد. . . . بژی کوردستان
شەکاوە بێت ئالای کوردستان

( (ئەمە دوایین سروود بوو کە خاتوومەرزیە وناسری هاوسەری پێکەوە چڕییان) ) ، کێ بێت لەکاتی هەڵمەتی ڕیفراندۆمدا ولەناخەوە ئەو سروودەی نەچڕی بێت لەگەڵ دەنگە بەسۆزەکەی خاتوو مەرزیە فەریقی و ناسرای ڕەزازی، ئەوی شاژن شۆڕشێك بوو لەگۆرانی کوردیا وئەوەی منیش لەنزیکەوە ئاگادر بووبم، بەنیازبوو شۆڕشێکی تری نوێخوازی لەجیهانی هونەری گۆرانی کوریدا بێنێتە ئاراوە، مەرزیەی فەریقی لەم دوایەدا هێندە قاڵ دەبۆوە لەناو ئەو ووشانەی وەك تێکست یان شیعرێك بۆ گۆرانیەکی ئامادە دەکرا، وات دەزانی حەبیبەیە وحەزرەتی نالی مژدانەی لەدایکبوونی شیعرێکی نوێی بۆ هێناوە، هێندەش عاشقانە لەتەك شیعر وئاوازدا کاری دەکرد، ئەوەندەی نەمابوو بگاتە نوری جوانی ئیلاهی، ئای چەند دەگمەنن ئەوانەی خۆیان دەبەخشن بە ئەوینی مرۆڤایەتی ولەگەڵ سیمای قەشەنگی وێرانەخاکێی وەك کوردستان ئاوێتە دەبن و هەمیشە خەون بە ئازادی مرۆڤەوە دەبینن، من پێم وایە مەرزیەی فەریقی ئەو خاتوونە هونەرمەندە کوردە بوو کە لیواولێو بوو لەخۆشەویستی، لەسۆز وئەوینی کوردستان. . . سەراپابوو نغرۆی حەزێکی

شێتانە بوو، ئەو عاشقی گوڵ وبەفر و كانی وچیاو پێشمەرگە بوو، هەمیشەش خۆی دەكردە تاجە گوڵینەیەك ولەسەر مەزاری شەهیدان، بەئەمەكەوە كڕنووشی دەبرد بۆ مەزنێتی قوربانی دان و گیانبەخشینی ئەو مرۆڤە مەزنانە.

بۆ ئەم كۆچە ناوادەیەی خاتوو مەرزیە، ووشە بێ دەسەڵات وخامەش هەژار دەستە، بەڵام ئەوەی لێ دڵنیام، ئەوەی لەناخدا وەك مرۆڤ بیر بكاتەوە، مەرگی بۆ مەرزیەی فەریقی بە هیوا نەدەخواست. . سڵاو لەتۆ ئەی ئەو شاژنەی تاجی مەزنێتی گۆرانی كوردیت كردە سەر، سڵاو ئەی خاتوونی شەنگەباڵا، مەرزیەی فەریقی.